# هەگبەی وشەی فەرهەنگی

زانکۆی سۆران
SORAN UNIVERSITY

Handren Centre - Exclusive

پرۆژەی سەنتەری هەندرێن

## دەرزی ئاژنین (الأبرة الصنية)

لە بواری پزیشکی لە ئێستا و کۆندا بەکارهاتووە .
وەك دەڵێن : "دکتۆرانی چینی بایەخ بەدەرزی ئاژنین دەدەن" .
هێمنی شاعیریش لە شیعرێکیدا دەڵێت: " دەرزی ئاژن بوو دڵم لە سوێی شەهیدانی نەمر" .
ئاژنین لە کوردەواریدا واتای تێوەژەنین و تێراکردنیش دەگەیەنێ، لە جوتکردندا زۆرجارجوتیارێك بە ئەویتر دەڵێت " ئەم گایە بە خەسڵەتە، نەقیزەیەکی تێوەژنە" لەبنەرەتدا ئاژەن بەو تەراشە دەگوترێت، کە لە چیاکاندا شین دەبێت، سەرە قەڵەمی وەکو دەرزی تیژتیژ لە پنچکە دارەکە سەریان دەرهێناوە و لە کوردەواریدا لە کاتی دروستکرددنی خانوودا، خەڵك دەیهێنان و بۆ ئەوەی بنمیچی خانووەکەی پێ بگیرێت، تاکو مار و دوپشك نەتوانن، لە رێگای بنمیچەکەوە بێنە ناو خانووەکە، بۆ نمونە خاوەن خانووەکە دەیگوت" دوێنێ چوار بارە ئاژنم هێناوە" .
شوانەکانیش جارجار دەیسوتێنن، لە ناچاری دەیدەن بە بزنەکان .

Email: handren.centre@soran.edu.iq
Phone number: 066 264 3626

سەنتەری هەندرێن بۆ زمان و توێژینەوەی کەلتوری/ زانکۆی سۆران
Handren Centre For Language and Cultural Studies-Soran University